# دیستۆپیای کوشتن لە ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانیدا

سەرباز مجید عمر[1]، ڕەوەند سەباح ئەحمەد[2]

[1] بەشی زمانی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی، زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

دیستۆپیا لە ئەدەبدا، بە واتای شاری بۆگەن (المدینة الفاسدة) دێت، بەرامبەر بە (یۆتۆپیا)یە، کە بە واتای شاری نمونەیی دێت، هەردوکیشیان لەڕێی خەیاڵێکی فەلسەفییەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە، کە بەزەینی مرۆڤدا دێن. بابەتی دیستۆپیا لە ناو ئەدەبی جیهانیدا داهێنانێکی نوێیە و لە ناو ڕۆمانی کوردیشدا تازەیە. ڕۆمانی (بە ڕێگاوە )یەکەمین ڕۆمانی کوردییە، کە بەتەواوی لەسەر بنەمای خەیاڵێکی دیستۆپی داڕێژرابێت. ژینگەی دیستۆپی ڕۆمانەکە وایکردووە، کە قێزەونترین دیمەنەکانی (کوشتن)ی تێدا دەربکەون، ئەمەش وایکردووە، کە بابەتی (کوشتن) وەک پرسی توێژینەوەکە بە ناونیشانی "دیستۆپیای کوشتن لە ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانیدا" دەستنیشان بکرێت، وەک هەوڵێک بۆ خستنەڕوی جۆر و شێوازەکانی کوشتن لە دەقی ڕۆمانەکەدا، بۆ ئەو مەبەستەش میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ بەوردی کار لەسەر دیاردەی کوشتن و زەمینەی دیستۆپیی ڕوداوەکان بکرێت. بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە؛ یەکەم توێژینەوەی دیستۆپییە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، کە لەبارەی کوشتن ئەنجام درابێت. هەرچەندە دیمەنی کوشتنەکانی ناو ڕۆمانەکە لە واقیعی مرۆڤایەتیدا وەرگیراون، بەڵام ڕۆماننوس بە خەیاڵێکی ئەدەبی وێنەکانی پڕ ترس و تۆقاندن کردون و لە زۆر دیاردەی قێزەوندا زێدەڕۆیی کردووە، کە ئەمەش لەڕوانگەی دیستۆپییەوە خاڵێکی بەهێزی ڕۆمانەکە دەخاتەڕو. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، دوبەش لەخۆ دەگرێت، لەبەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە چییەتیی دیستۆپیا و چیەتیی کوشتن کراوە، لە بەشی دووەمدا جۆرەکانی کوشتن لە دەقی ڕۆمانەکەدا خراونەتەڕو و لەڕوانگەی دیستۆپییەوە لێیان کۆڵدراوەتەوە. توێژینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشتووە، کە مردنەکانی ناو ڕۆمانی بە ڕێگاوە مردنی ئاسایی نین و هەمویان هۆکارێکی دیستۆپییان لەپشتەوەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** دیستۆپیا، یوتوپیا، کوشتن، مردن، ڕۆمان.

## پێشەکی

خەیاڵ لە دەقی ئەدەبیدا، ڕەگەزێکی بە بزاوت و بەرزەفڕە، ئەمەش وایکردووە نوسەران بتوانن لە ڕێی خەیاڵەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفییانە بدەنەوە، کە بەزەینی مرۆڤدا دێن، یان وێنای ئەو وەڵامانە بکەن، کە هێشتا لە ژیانی ڕاستەقینەدا وەڵامێکی نمونەییان نەدراوەتەوە. تا ئێستا لە ژینگەی ڕاستەقینەدا، خەونی ژیانێکی ئارام، کە هەمو بەها مرۆڤایەتییەکانی تێدا فەراهەم کرابن و مرۆڤەکان وەک یەک کامەران و سەرفراز و بەختەوەر بژین و دور بن لە هەمو ترس و دڵەڕاوکێ و ئەگەرێکی نەخوازراو، نەهاتۆتەدی، بۆیە ڕۆماننوسەکان لەڕێی ڕۆمانی (یوتوپی) ئەو زەمینەیەیان وێناکردووە و لە ئەدەبدا دەقی زۆری تێدا بەرهەم هاتووە. لە بەرامبەردا (دیستۆپیا) خەیاڵێکە بۆ وێناکردنی زەمینەیەکی تەواو پێچەوانەی (یوتوپیا)، واتا وێناکردنی زەمینەیەکی نائارام و بۆگەن، داماڵراو لە هەمو بەها مرۆڤایەتییەکان، کە تیایدا مرۆڤەکان لە بارێکی دەرونیی تەنگ و پڕ ترس و تۆقاندندا دەژین، ژینگەیەک، کە تیایدا پارێزراو نین و لەژێر هەڕەشەی بەردەوام دان. ئەگەرچی ئەو دیاردە خەیاڵییانەی ناو جیهانی دیستۆپیدا وێنادەکرێن، بە پەرش و بڵاوی لە واقیعدا هەن، بەڵام قولکردنەوە و کۆکردنەوەیان بەسەریەکەوە، پێویستیی بە خەیاڵێکی فەلسەفیی ئەدەبیی بەرز هەیە. وێناکردنی دیستۆپیا لە ڕۆماندا داهێنانێکی جیهانیی نوێیە، لە ڕۆمانی کوردیشدا تازەیە. ڕۆمانی (بە ڕێگاوە) یەکەمین ڕۆمانی کوردییە، کە بە خەیاڵێکی تەواو دیستۆپییانە نوسرابێت، لە ڕۆمانەکەدا کوشتن قێزەونترین دیمەنەکانی خۆی وێنا دەکات، کە بە ژینگە و کەلتوری کوردی نامۆن. بۆیە پرسی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە کوشتن لە دیستۆپیای ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)ی ڕۆماننوس (دڵشاد کاوانی)دا.

**هۆی هەڵبژاردنی** بابەتی توێژینەوەکە، پەیوەندیی بە خودی دیستۆپیاوە هەیە، کە یەکەمجارە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕۆمانێکی دیستۆپی بەم فراوانییە بەرهەم دێت، ئەم توێژینەوەیەش یەکەم توێژینەوەی دیستۆپی دەبێت لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. بەو هیوایەی ببێتە هەوڵێک بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتری لایەنەکانی دیکەی دیستۆپیای ئەدەب لە ڕۆمان و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیدا.

دیستۆپیا لە دەقی ئەدەبیدا تەواوی ئەولایەنانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە ژیانی ناهەموار و پڕ کێشە و نەهەماتی و پڕ ترس و تۆقاندن، کە دەبنە هۆکاری نائارامیی و بێ ئۆقرەیی مرۆڤ، بەڵام لێرەدا (کوشتن) وەک سنوری توێژینەوەکە لە (ڕۆمانی بە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن: ١٦ ئاب؛ پەسەندکردن: ٢ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٤ تەمووز بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر؛ rawand.sabah@tiu.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ سەرباز مجید عمر، ڕەوەند سەباح ئەحمەد. گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp106-113

ڕێگاوە)دا دیارکراوە، بۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی ورد و پوخت لە ئەگەر و جۆر و شێوازی کوشتنەکان بکۆڵدرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش میتۆدی (وەسفی – شیکاری) پەیڕەوکراوە.

## بەشی یەکەم

### ١-١ چیەتیی دیستۆپیا

دیستۆپیا (dystopian) وشـەیەکی یۆنانییە، بەواتای ئەدەبی شـاری پیس یان بۆگەن (أدب المدينة الفاسـدة) دێت، ئەدەبێکی خەیاڵیی فەلسـەفییە، پەسـنی کۆمەڵگایەک دەکات، کە ژیانی ماددی و ململانێی قێزەونی سیاسی و دەمارگیری، بەها ڕەوشتی و مرۆڤایەتییەکانیان بە وەحشیەتگەرایی و کوشتن و برسیەتی و دڕندەیی و پڕ ژاوەژاو گۆڕیوە (پرچگانی، ٢٠١٨: ١٣٦). ئەگەرچی چەمکی دیســتۆپیا لە ســەدەی نۆزدەهەمەوە داڕێژراوە، بەڵام کۆمەڵگـای دیسـتۆپی هەر هەبووە، کاریگەریی چەمکەکانی بەهەشت و جەهەننەم وایکردووە مرۆڤ بیر لە بونیادنانی جیهانێکی باشتر یان خـراپـتر بـکاتەوە (Gregory, 2010: 16). بەو واتایەی هەر دو چەمکـی (بەهەشــت) و (جەهەننەم) وەک دو شــوێنی غەیبی تێکەڵ بە جیهانی خەیاڵێکی فەلسـەفییانەی مرۆڤەکان بووە و دواتر لە بواری ئەدەبیدا (یۆتۆپیا) و (دیســتۆپیا) بونەتە ڕەنگدانەوەی ژینگە دژیەکەکە. جۆن ستیوارت (١٨٠٦- ١٨٧٣) یەکەم کەسە زاراوەی (دیســتۆپیـا)ی بەکارهێنـاوە. بەڵام وەک چەمکێکی ئەدەبی لە ســەدەی بیستەمەوە سـەری هەڵداوە (جادالحق، ٢٠٢٢: ٨٣)، واتای ئەدەبی شـارێکی نا ئارام دەگەیێنێت. دیســتۆپیا لە گێڕانەوە ئەدەبییەکاندا بەرهەمی تیرۆر و تۆقاندنەکانی سەدەی بیستەمە، سەد ساڵ لە هەڕەشە و سەرکوتکردن و توندوتیژیی دەوڵەت و شـەڕ و ناخۆشی و جینۆسـاید و برسـێتی و قاتوقڕی و پێشـێلکردنی مافی مرۆڤ، زەمینەیەکی لەباری بۆ خەیاڵی دیستۆپیا ڕەخساندووە (Tom Moylan, 2000: ). دیســتۆپیا لە چوارچێوەی ئەدەبدا، "بریتییە لە وەســفکردنی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی و جێگیرکردنی لە کات و شــوێندا بۆ ئەوەی خوێنەرێکی هاوچەرخ بە خراپتر وێنای بکات بەراورد بەو کۆمەڵگـایەی خوی تێیـدا دەژیێـت" (Sargent. 2006: 15). دیارترین ڕۆمان لە بواری دیســتۆپیدا، بە ڕۆمانی (١٩٨٤)ی (جۆرج ئۆرویل) دادەنرێت، کە لە ســاڵی (١٩٤٨) بڵاوکراوەتەوە، تیایدا پێشــبینیی داهاتویەکی تاڵ دەکات، کە لەسـەر زوڵم و خۆسـەپاندن بونیاد دەنرێت (خیرە و مصـطفى، ٢٠٢٣: ٣٤٢). دیستۆپیای ئەدەب بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانەی خەیاڵ ئامێزە بۆ خستنەڕوی پانتاییەکی داڕماو، کە کارەکتەرەکانی لە بێ هیواییدا ژیانێکی پڕ نەهامەتی و نائارام و پڕ ترس و تۆقاندن و نەخۆشی و گەندەڵی و دڕندەیی و دابڕاو لە مرۆڤایەتی بەسـەردەبەن و بە چاوی ترسـەوە لە داهاتویان دەڕوانن (نجدی عبدالسـتار محمد نجدی، ٢٠٢٠: ٤١). لە ئەدەبیاتدا نوســەرەکان لەڕێگەی نوســینەکانیانەوە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە دەردەبــڕن، کە لەبارەی پــرسی مــرۆڤــایەتی و کــۆمەڵــگــاوە هەیانە (P.N.Madhusudana, 2018, 94) بەو واتایەی توندوتیژی بەشــێکی گرنگی دیســتۆپیای خەیاڵە، هەرچەندە بەکارهێنانی توندوتیژی لە دیســتۆپیای خەیاڵ یان فانتازیدا تەنیا بۆ وروژاندن و تاســاندنی خوێنەر نییە، بەڵکو بۆ گەیاندنی پەیام و باوەڕەکانە (de Souza, 2012: 12).

لە ســەدەی بیســتەمەوە و بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، سروشــتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گۆڕانکاریی بەســەردا هات و لەگەڵ کارەســاتەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەرچەرخانێکی ڕیشەیی بەرەو وەحشیەت و دڕندەیی بەخۆیەوە بینی و کۆمەڵگای بەرەو گومان و بێ ئومێدی و ڕەشـبینی برد، ئەمەش کاریگەریی لەسـەر ئەدەبی ئەو قۆناغەدا هەبو، وایکرد ئەو گەشبینییەی پێشتر لە ئەدەبی یۆتۆپیا[1] (شاری نمونەیی)دا هەبو، لە ئەدەبی دیستۆپیادا (شاری بۆگەن) دوچاری وێران بون و داڕمان بێت و ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانە لە دەقدا بگرێت، بە تایبەتی لە ڕۆمانی هاوچەرخدا (خیرة و مصـطفى، ٢٠٢٣: ٣٤٠). هەرچەنـدە دەرکەوتەکانی دیســتۆپیا وەک ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی کۆمەڵگا، لە ڕۆمانە کوردییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام خەیاڵی داشـۆرینی کۆمەڵگا لە بەها مرۆڤایەتییەکان و خولقاندنی کەشـێکی پڕ ترس و تۆقاندن و نائارام، وەک یەکەم ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ، بە زەقی لە ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)ی دڵشــادکاوانیدا بەرچاودەکەوێت. کوشــتن لە دیســتۆپیای ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)دا، یەکێکە لە دیاردە پڕ ترس و تۆقێنەرەکانی ئەو ژینگە بۆگەن و نائارامەی، کە مرۆڤەکان تیایدا دەژین.

### ١-٢ چیەتیی کوشتن

پرسی مـانەوە لە ژیانی بونەوەرەکانـدا، پـاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی مردن. ویســتی نەمری لەمێژە مرۆڤی ســەرقاڵکردووە. دوانەیی ژیان و مردن، ویســتن و نەویســتن، جەســتە و گیان، پیسی– و پیرۆزی لە ئەفســانە کۆنەکانی (گەلگامێش و ئێلیـادەدا) پـانتـاییەکی فراوانیـان داگیرکردووە (النعیمی، ٢٠١٠: ٤٨٤). فرۆیـد بۆ دیارکردنی سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ، وەک بابەتێکی دەرونی مامەڵە لەگەڵ دژیەکیی دوانەیی (ئیرۆس) وەک بنەمای چێژ و پاڵنەری ژیان و (ثاناتۆس) وەک هەستکردن بە تاوان و پاڵنەری مردندا دەکات، ئەو دو غەریزەیە تەواوی لایەنی دەرونی و ڕۆشــنبیریی مرۆڤی لەخۆگرتووە (نگارش، ابراهیمی، جادری، ٢٠٢٣: ٥٣٨). دڕدۆنگی لەمردن، ژینگەیەکی وەحشــیگەریی و نا ئارام لە ژیانی مرۆڤەکاندا دەڕەخســێنێ و ناتوانرێ مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا بکرێت، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی پەنابردن بۆ کوشتن و لەناوبردنی ژیان. ثاناتۆلۆجی (Thanatology) بە شـێوەیەکی زانسـتی لە شـێواز و ئەگەرەکانی مردن دەکۆڵێتەوە، لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتیش لەبەرچاودەگرێت، کە پەیوەندییان بە مردنەوە هەیە، ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەڕەخســێنێت بۆ ئەوەی لە ڕەهەندی جیاوازەوە لێکۆڵینەوە لە بەرجەســتەبونی مردن بکرێت. پرسی تویژینەوەکە مردن نییە، چونکە مردن بونێکی حەتمیی هەیە و پەیوەنـدیی بە هەمو بونەوەرێـک هەیە، بەڵام ئەوەی لە مردندا نەخوازراوە، پرسی کوشتنە، لە کوشتنیشدا، کوشتنێکی دیستۆپییانەی نا ئاساییە، کە بە کردەوە گەلێکی دیکەی قێزەون و نامرۆڤانە، پڕ ترس و تۆقاندن کراون و لە بەها مرۆڤایەتییەکان داماڵێنراون .

لە پوختترین پێناســەدا؛ کوشــتن کردەیەکی ئەنجامدراوە، بریتییە لە دەرکردنی ڕۆح لە جەستەدا، بۆیە بە تاوان هەژماردەکرێت، چونکە هۆکارێکە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیان، کە پەیوەندیی بە مردنی ئاســاییەوە نییە (حســنی، ١٩٧٨: ٧) ئەمەش بە چەندین شـێواز و بە هۆکار و بە کەرسـتەی جیاواز ئەنجامدەدرێت. تاوانی کوشـتن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، لە قورئانی بیرۆزدا لەبارەی کوشـتنەوە هاتووە "مَن قَتَلَ نَفْسًـا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا" (المائدة: ٣٢) لە سزای کوشتنیشدا دەفەرموێ "فجزاؤه جهنم خـالدا فيهـا وغضـــب الله عليـه ولعنـه وأعـد له عـذابا عظيما "(النساء: ٩٣) ئەمەش پەیوەندیی بە بایەخی ژیان و گەورەیی مرۆڤەوە هەیە.

### ١-٢-١ دیستۆپیای کوشتن

لە ئەدەبی شاری بۆگەندا، مردنەکان ئاسایی نین، پەیوەندییان بەو ژینگە نائارامەوە هەیە، کە مرۆڤەکانی تێدا دەژین، ئەو کوشتنە بێ شومارانەی لە مەیدانی جەنگە گەورەکان و ئەو کوشتنانەی لەشەڕی گروپ و تاقمەکان و لە ململانێ و هەڵچونی تاکەکان ڕودەدەن، لە بارێکی ئاساییدا نین و لەگەڵ دابی مرۆڤایەتیدا یەکناگرنەوە و دەچنە خانەی تاوان. لە دیستۆپیای دەقی ئەدەبیدا جگە لە پەیڕەوکردنی دڕندانەترین شێوازەکانی کوشتن، تەنانەت لاشەی مردووەکانیش پارێزراو و ڕێزلێگیراونین. ڕۆمانی بە ڕێگاوە، ژینگەیەکی پڕ نمونەی ئەو وەحشیگەرێتی و ڕوبەڕوبونەوە بەردەوامەیە، کە قێزەونترین سیماکانی کوشتنیان تێدا بەرجەستە دەکرێن.

### ١-٣ ڕۆمانی بە ڕێگاوە

(بە ڕێگاوە) ناونیشانی ڕۆمانێکە لە ساڵی (٢٠٢٠) لە لایەن ڕۆماننوس (دڵشاد کاوانی)[2] نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە. لە ڕوی ناوەرۆکەوە ڕۆمانێکی سادیزمی (Sadism)یە. کارەکتەرە سادییەکان چێژ لە شەڕانگێزی و ئازاردان و دەستدرێژیی سێکسی- و کوشتنی کەسانی دیکە وەردەگرن. لە دیستۆپیای ڕۆمانەکەدا کەسەکان زیاتر سادیزمی ستەمکارن (Tyrannical sadist) و سڵ لە کوشتن ناکەنەوە و دڕندانەترین شێواز لە کوشتندا پەیڕەودەکەن و خوێنی کوژراوەکانیان دەخۆنەوە و دوای کوشتنیش دەکەونە وێزەی جەستەی بێگیان و دەستدرێژیی سێکسیان دەکەنە سەر و پارچە پارچەیان دەکەن و دەیانخۆن. مردنەکانی ناو ڕۆمانی بە ڕێگاوە، مردنی ئاسایی نین، زۆربەیان دەستێکی دڕندانەیان لە پشتە. مردنەکان لە ژینگەیەکی پڕ ترس و تۆقاندن و بە شێوازێکی نامرۆڤانە و ناشیرین بە ئەنجام دەگەن. هۆکاری کوشتنەکان پاڵنەری مرۆڤایەتی نین، دەرەنجامی کاری قێزەون و بێ ویژدانانەن. لە دیستۆپیای ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)دا، ژیانی مرۆڤەکان ئەوەندە بێ بەها کراوە و تێکەڵ بە ژینگەیەک کراوە کە پڕە لە (کوشتن، ترس، ئازار، زۆرگێیی، سەربڕین، گەڵ و گوێبڕین، پارچەپارچەکردن، هەڵزڕاندن، ورگ هەڵدڕین، بچم تلێشاندن، سوتاندن، سزادان، ئەشکەنجەدان، نینۆک دەرکێشان، دەرزی ئاژنین، قلێشاندن، گۆشت داماڵین، کەپو و گوێ بڕین، هەتککردن، ڕق و توڕەیی، خوێنخواردنەوە، چەقۆ، حەڕبە، چەتاڵ، تەور، خاکەناس، موس، کەتەر، فیشەک، تەققە، مقەست، تیزاب، مس بەگەروداکردن، چاودەرهێنان) ئەمەش وایکردووە ڕێژەی کوشتن لە ڕۆمانەکەدا زۆر و جۆراوجۆر بن، بە ڕادەیەک ژمارەی مردنە دیستۆپییەکان لە ڕۆمانەکەدا لەژماردن چونەتە دەرەوە، جگە لەوانەی بە شێوازێکی سەربەخۆ ئاماژەیان پێکراوە، لابەلا ئاماژە بە کوژرانی بێ ژماری کەسانی دیکەش کراوە. ڕۆماننوس سودی لە هەندێک حاڵەتی نەخوازراوی ئەو ژینگەیە وەرگرتووە، کە تیایدا ژیاوە، بەڵام تەنیا بەوە نەوەستاوە کە ڕوداوەکان بگوازێتەوە، بەڵکو بە ئاگاییەوە و بە خەیاڵێکی فەلسەفیی بەرز کاری لەسەر بە دیستۆپی کردنی دیمەنەکان کردووە.

## بەشی دووەم :کوشتن لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە

لەگەڵ دەسپێکی ڕۆمانەکەدا پەیامی مردنێکی نائاساییمان پێدەگات "من دوای تەواوکردنی ئەم ڕۆمانە دەستبەجێ، بێ خۆگرخاندن خۆم دەکوژم، هەرچەندە تا ئێستا ڕون نییە ئەو کەسانەی لە جوغزی نوسینەوەی ڕۆمانی بە ڕێگاوە خۆکوژییان کردووە ژمارەیان گەیشتۆتە چەند، دەشێ تۆش دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خۆت بکوژی" (بە ڕێگاوە: ٦). هەر لەسەرەتای خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بە حاڵەتێکی نادروست دەکەیت و دەزانی بەرەو کەشێکی نائارام هەنگاودەنێیت. پرسیاری ئەوەت لەلا دروست دەبێت، کە بۆچی دەبێ ئەوانەی ڕۆمانی بە ڕێگاوە دەنوسن دەبێ خۆیان بکوژن؟! یان بۆچی ئەو ئەگەرە ترسێنەرە بۆ خوێنەریش دەپەڕێتەوە؟ خۆکوژی دیاردەیەکی ئاسایی ناو بازنەی مردن نییە، ئەستەمە بەو ئاسانییە ملکەچمان بکات. بەڵکو پەیوەستە بە ڕەهەندگەلێکی ئەوتۆ، کە مرۆڤ دەخەنە جیهانێکی تەنگ و نائارام و هیوالێبڕاو، فشارەکان هێندەی مۆتەکە قورس دەبن، کە پێتوابێ مردن سوکتربێت، بۆیە کەسەکان دەستیان دەچێتە کوشتنی خۆیان. ڕۆماننوس دەیەوێ بە ناڕاستەوخۆ ئەوەمان پێ بڵێت، کە ئێمە ڕۆمانێکی دیستۆپی دەخوێنینەوە، ئەگەر ئێمەش لە میانەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا ئەو تێڕوانینەمان بۆ دروست بێت، کە نوسەری ڕۆمانەکە پێشتر هەیبووە، دەشێ ئێمەش وەک ئەوان دەستمان بچێتە کوشتنی خۆمان و کۆتایی بە ژیانی خۆمان بێنین. بێگومان ئەو ئەگەرە نە لای ڕۆماننوسەکان و نە لای خوێنەریش لەخۆوە دروست نەبووە و نابێت، بۆیە ڕۆمانەکە بەرەو ژینگەیەکی پڕ ترس و تۆقاندن هەنگاو دەنێت، کە لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر دیستۆپیای کوشتن. زۆریی دوبارەبونەوەی کردەی کوشتن دیاردەکە لە ترس و دڵەڕاوکێوە دەگۆڕێ بۆ چێژبینین و گەیشتن بە خاڵی سفر. لە گفتوگۆیەکی ئۆدیب و عەفلەقدا هاتووە: "لە کوشتن هەست بە چێژ دەکەم، تۆش وای؟ عەفلەق لێی وەردەگرێتەوە ئێژێ: منیش لە سەرەتا وابوم، ترس، ئازار، چێژ، خواست، ئێستا هیچیان نەماوە... هەمو شتێک لای من وەک پوشکەیەک وایە" (بە ڕێگاوە: ٢١٦). بکوژەکانی ناو ڕۆمانی بە ڕێگاوە، کەسانێکن، کە لە ژینگەیەکی دیستۆپیی دارماودا پێگەیشتون، نەستیان پڕە لە دیمەنی خەفەکراو، هەریەکەیان بە هۆکارێک کەسایەتییەکی سادیزمییان لێدەرچووە. بۆ نمونە کەسایەتیی (میخۆ)، کە کارەکتەرێکی سادیزمیی سەرەکیی ناوڕۆمانەکەیە، لە منداڵییەوە لەبەرچاوی خۆی باوکی دەکوژرێ و هەر لەو ڕوداوەدا بکوژەکانی باوکی لەبەرچاوی خەڵک و (میخۆ)دا، بە نۆرە دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر دایکی، تا لەهۆش خۆی دەچێت و توشی خوێن بەربونێکی زۆر دەبێت، یان کەسایەتیی (گەردەوان) یەکێکە لە کارەکتەرە دیارەکانی ناو ڕۆمانەکە، ئەویش لەبەرچاوی خۆیەوە چەند پیاوێک دەستدرێژیی سێکسی- دەکەنە سەر دایکی و دواتر بە چەقۆ دەیکوژن. یان (ئۆدیب) دوای سەربڕینی (گەردەوان)ی هاوڕێی "دوای لافاوێک لە ڕق دەکەوێ، یەخسیری هەڵچون و توڕەیی دەبێ، پێیوایە دەبێ هەمو کەسێک بکوژرێ، هەمو ڕۆحێک شایانی کوشتنە هەمیشە خوێنی قوربانییەکان لە دەفرێکەوە فڕ دەکا و ڕۆژانە کەللە و پاچە و دەست و قاچ و گوێ و لوت و مەچەکی قوربانییان دەخاتە تێڕگەیەکەوە" (بە ڕێگاوە: ٢٢٨). لە تەواوی ڕۆمانەکەدا دیمەنی مردنێکی ئاسایی نابینرێ، هەمویان هۆکارێکی دیستۆپییان لە پشتە، کۆتایی ژیانی زۆربەی خەڵکی ناو ڕۆمانەکە بە کوشتنێکی ترسناک کۆتاییان دێت. شێوازەکانی کوشتن لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە ئاسایی نین، ئەوانە نین، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا گوێبیستییان دەبین. کوشتنەکان ئەوپەڕی ڕق ئەستوری و دڕندەیی مرۆڤ بەرجەستە دەکەن. لە چەندین دیمەندا دوای کوشتن، تاوانی پارچەپارچەکردن و هەتککردن و دەستدرێژیی سێکسیش بۆ سەر لاشەی مردو لە ئارادایە، نەک هەر بەرامبەر بە ئافرەت، بەڵکو بەرامبەر بە کەسانی دیکەش. بۆ خستنەڕوی دیستۆپیای کوشتن لە ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)دا، لە چەند ڕوانگەیەکەوە پۆلێنی ژینگەی کوشتنەکان دەکەین.

### ٢-١ کوشتار لە جەنگ و لە شەڕی نێوان گروپەکاندا

جەنگ و مەیدانی شـەڕ بۆخۆیان پەیوەسـتن بە ژینگەیەکی نائارام و نەخوازراو. مردن لە جەنگەکاندا ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە و لە زۆربەی شـەڕەکاندا چاوەڕێی سـۆز و بەزەیی لە دوژمن ناکرێـت. کوشـــتنی نەیاران وەک هۆکاری بردنەوە، یان مـانەوە، دیاردەیەکی ئاسـاییە، بە تایبەتی لە شـەڕی دەسـتەویەخەدا. کوشـتن لە هەندێک باردا نیشـانەی ئازایەتی و مایەی سـتایشـکردنیشـە. بە درێژایی مێژو لە شـەڕەکاندا کاری نامرۆڤانە بەرامبەر بە دیل و کەسـانی سـیڤیل کراوە، تائێسـتاش یاسـا نێودەوڵەتییەکان نەیانتوانیوە لە شـــەڕگەکاندا ڕێ لە پێشـــێلکارییە نا مرۆڤایەتییەکان بگرن. بەڵام وەک تاوانی جەنگ و پێشـێلکردنی مافی مرۆڤ تانەیان لێدراوە. لە دیسـتۆپیای ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)دا، نە مـافی مرۆڤ لەبەرچاو گیراوە و نە هەسـتکردن بە تاوانیشـــی تێدا ڕەنگدەداتەوە، ڕۆمانوس بۆ ئەوەی سروشـــتی کارەکتەرە سـادییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەربخات، هەرچییەکی بەخەیاڵدا هاتبێت سڵی لێنەکردۆتەوە. جەنگ لە ناو ڕۆمانەکەدا، زۆرترین ڕێژەی مردنی بەرکەوتووە، کوژراوەکان لە ژمـارە نایەن. چ ئەوانەی لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەکان کوژراون، چ ئەوانە دوای بەدیل گرتنیان بە ئازارەوە کوژراون.

لە وەسـفی ئەو سـوپایەی بۆ هێرشـکردنە سـەر هەرێمی چیاکان ئامادەکراوە، هاتووە "سـوپایەکی بێ شـومار ... وەک شـانەی زەردەواڵە گوڕاپی بەردەم کۆشکیان تەنی بو" (بە ڕێگاوە: ٣٢١). دوای جوڵاندنی هێز بۆ شـوێنی مەبەسـت ڕۆژ بەڕۆژ و سـات لەدوای ســـات ئەندامەکانی ســـوپا دەکوژرێن و لەناو دەچن تا لە کۆتاییدا " هەمو ســـەربازەکانمان کوژران و من و ســـەرکردەش بە دیل گیراین" (بە ڕێگاوە: ٣٣٥) هەرچەندە تەواوی ڕوداوەکان پەیوەسـتن بە یەک کارەکتەر (نارسـیس) دوای بەدیل گیرانیان ســـەرکردە نامەیەک دەداتە نارســـیس و پێی دەڵێ "ئەم نامەیە تەنیا دەتوانێ یەک کەســـمان ڕزگار بکا، هەر کامەمان ئەو نامەیەی لا بێ لە کوشـــتن و سزادان ڕزگاری دەبێ" (بە ڕێگاوە: ٣٣٧) لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بەکوشتدانی ئەو ســـەربازە بێ شـــومارەی ســـوپا، جگە لە پەیامی بەتاڵی جەنگەکان هیچی تر ناگەیێنێت، چونکە دەکرا هەر لەسەرەتاوە (نارسیس) بەو نامەیە ڕەوانەی ئەو شـوێنە بکرابوایە.

لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە، شەڕی نێوان گروپە چەکدارەکان، کە لە ئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەی چەتەکان، یان لە ئەنجامی گرژی و ئاڵۆزیدا دروســـت دەبن و دەبنە هۆی کوژرانی کەسێک یان چەند کەسێک. ڕۆماننوس تەنیا لە یەک ناوچەدا، لە بارەی کەسایەتیی (عەفلەق)ەوە ئـامـاژە بە چەنـدێتیی ژمـارەی گروپە چەکـدارەکان دەکات: " عەفلەق ماوەیەکی زۆرە لە ناوچەی سـوڕەش دەژی، ئەو سـەر بە یەکێک لە گروپەکانە، کە ژمارەیان نەوەد و نۆ گروپی کوشتن و بڕین و سوتاندنە" (بە ڕێگاوە: ٢١١) بونی ئەو ژمارە زۆرەی گروپەکان وایکردووە، کە ناوچەی (ســـوڕەش) لە ڕۆمانەکەدا وەک ناوچەیەکی دیسـتۆپیی ترسـناک و مەترسـیدار دەربکەوێت "هەرکە تاریکی ڕوی لەو ناوچەیە کرد، مافیاکان بڵاودەبنەوە، مەحاڵە کەسی غەریبە بە سەلامەتی لەوێ ڕزگاری بێ، هەمو بەیانیان شـارەوانی چەند کەللـــەسـەرێک و قۆڵ و باسـك لەناو زبڵدان دەدۆزێتەوە (بە ڕێگـاوە: ١٩٠). لە ڕوبەڕوبونەوەی بەردەوامی گروپەکانیشـــدا، ڕوداوەکانی کوشـتن بەردەوامن، بۆ نمونە؛ لە باسـکردنی چالاکییەکی هاوبەشی ئۆدیب و عەفلەق وەک دو پاڵەوانی نەبەز دەڵێ: "فیشـەک بڕا، تەقە نەما، دەسـتە و یەخە بە حەربە و چەقۆ ورگیـان هەڵـدەدڕین، بچمیـان دەتلێشـــانـدن و کەللـــەکانیـان دەقەڵیشـــاندنەوە، ســـەر و مل و گەڵ و گونیان هەڵدەبڕین" (بە ڕێگاوە: ٢١٤). گروپی چەتەکان جگە لە ڕوبەڕوبونەوەی یەکتر، لە ناوچە جیاوازەکانیشـــدا خەریکی ڕێگرین و ڕەفتاری نامرۆڤانە بەرامبەر بە ڕێبواری ســـیڤیل دەکەن و بە ئاســـانی دەستیان دەچێتە کوشتنیان، بۆ نمونە؛ لە شـەوێکی ئەنگوستەچاودا، کۆمەڵێک چەتە ڕێ لە حەنچەیەک دەگرن و سەرنشینەکانی دادەبەزێنن، کە بریتین لە شوفێری حەنچە و دو نەفەر، کە کچێک و کوڕێکی گەنجن بە ناوەکانی (مێکاو) و (میخۆ)، چەتەکان داوای پارە و خشـــڵ و زێڕیان لێدەکەن، دوای ئەوەی هیچیان دەســـتناکەوێ، چەتەکان بە بەرچاوی دو ڕێبوارەکەی دیکە (شوفێر و میخۆ) دەستدرێژیی سیکسی دەکەنە ســـەر مێکاو، لە ئەنجامدا میخۆ ڕودەبێتە تفەنگی یەکێ لە چەتەکان و شـــەڕە تەقەقە دەستپێدەکات. لە ئەنجامدا میخۆ بریندار دەبێت و چەتەکان شوفێرەکە و مێکاو دەکوژن (بە ڕێگاوە: ١٣١).

## ٢-٢ کوشتنی دیل

لە زۆربەی جەنگ و شەڕ و ڕوبەڕوبونەوەکاندا، کەسانێک بە دیل دەگیرێن، پێویستە بەپێی یاســـاکانی جەنگ و لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. دیلەکانی ناو ڕۆمـانی بە ڕێگـاوە، چ ئەوانەی لە جەنگـدا و چ ئەوانەی بە هۆکاری جیاواز کەوتونەتە دەســـت دوژمن و نەیارەکانیان، مامەڵەیەکی نامرۆڤانەیان لەگەڵدا کراوە و ڕوبەڕوی ئەشـــکەنجەدان و کوشـــتن بونەتەوە. ڕۆماننوس لە دیســـتۆپیای ڕۆمانەکەیدا چەند دیمەنێکی مامەڵەکردنی دیلەکانمان بۆ وێنا دەکات. بۆ نمونە لە هێرشی سەر هەرێمی چیاکاندا، دوای دەستگیرکردنیان، سەبارەت بە مەراسیمی کوشتنی دیل سـیخوڕ بە نارسـیس دەڵێ: "ئەم گروپە چێش لە خوێن و کوشـتن دەبینن، ئەوان بە دڕندانەترین شـــێوە مرۆڤ دەکوژن و دواتر خوێن و گۆشـــتەکەیان دەخۆن" (بە ڕێگاوە: ٢٣٦). دواتر نارسیس بۆ خۆی دیمەنی ئەو مەراسیمانە دەبینێ و بەشدارییان تێدا دەکات " قوربانیەکانیـان دەهێنـا لەبەردەم (ئۆدیـب) بە ئـازار دەیانکوشـــت، کوشـتنەکان جیاواز بون، قوربانییەکانیش جۆراوجۆر بون... هەندێک بە تەور و پاچە دەقڵێشان، هەندێکیان بە دەرزی هەمو گیانیان کون کون دەکردن، تا خوێن لە ئەعزای لەشـیانەوە فیچقەی دەکرد. بەشـێکیان بە چەقۆ و سـەربڕین و بە خاکەناس و بە تەور و چەقۆ و چەتاڵ یاخود بە مقەســـت هەمو گیانیان لەت لەت دەکردن، یان ئەوەتا تیزاب خۆریان دەکردن و هەمو گیانیان دەتلایەوە. یا ئەوەتا مسیـــ ســـورکراوەیان دەکردنە گەرو ... هەندێ جار بە دە کەس زیاتر دەکەوتنە گیانی کەسـێک بە موس و کەتەر تا هەمو گیانی دەبو بە خوێن و گۆشـــتیان دادەماڵی، یان ئەوەتا پێنەورگانێیان پێدەکردن تا دەمردن. ڕاماڵینی پێسـت بە زیندویی چاوان و نینۆک دەرکێشـان، دەم و لێو و کەپو و گوێ بڕین" (بە ڕێگـاوە: ٣٥٢- ٣٥٣) هەمو ئەو شـــێوازی مامەڵەکردنانە بەو پەڕی چێژبەخشـــییەوە لەبەر چاوی ئۆدیبی ســـەرکردە و ئەندامانی گروپ، ئەنجامدراون. نارســـیس ســـەبارەت بە ماوەی مانەوەی لەگەڵ ئەو گروپەدا دەڵێ: "لێتان ناشـــارمەوە ئەو ماوەی لە نێو چەتەکانی ئەشـــکەوت و عاشـــقی خوێن ئەوەندەم خوێن خواردەوە ڕۆن ببوم، ئەوەندەم گۆشـتی قۆڵ و باسکی پیاو و پشت و ڕان و مەمکی ئافرەت و ســـەر و پێی منداڵانم خوارد، وەک گورگم لێهاتبو (بە ڕێگاوە: ٣٥٤). لە بەشـــێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا باس لە وەفاتنامەی کەســـێک دەکات، کە لە شـەڕی ناوخۆدا، لەگەڵ سـەدەها دیلی دیکە بە زیندویی خسـتویانەتە کونە بێین، کە هەزاری بەر هەزارە (بە ڕێگـاوە: ١٧٥). ڕۆمـاننوس لە مـامەڵەکردنی لەگەڵ دیلەکاندا هەوڵیداوە لەڕێی خەیاڵێکی دیستۆپییەوە دیمەنەکان ترسڕێژ بکات، بۆ ڕەوایەتیدان بەو خەیاڵە، کارەکتەری گێڕەرەوەی ڕوداوەکانی وەک شـــایەدحاڵێک کردۆتە یەکێک لە بکەری تاوانەکان.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp106-113

## ٢-٣ کوشتن وەک هۆکارێک بۆ بەرگری لەخۆکردن و مانەوەدا

زۆرجار مرۆڤەکان کەسانی بکوژ نین و پێشتر دەستیان نەچۆتە خوێنی کەس و رۆژێک لە رۆژانیش بیریان لە کوشتنی کەس نەکردۆتەوە، بەڵام پاڵنەری شەرەف، یان وەک تاکە هۆکاری مانەوە، ناچاردەبن دەست بۆ کوشتن ببەن. لە رۆمانی بە رێگاوە، کە ژینگەیەکی نا ئارام و پڕ ترس و تۆقێنەرە، پرسی کوشتن باڵی بەسەر زۆربەی دیمەنەکاندا کێشاوە، وایکردووە، کە کەسانی ئاسایی و سڤیلیش لە روبەڕوبونەوەی کوشتندا پارێزراو نەبن و ببنە بەشێک لە رووداوەکان و هەندێک جاریش ببنە بکەری کوشتن. بۆ نموونە میخۆ رووداوی شەڕکردنی لەگەڵ چەتەکاندا بۆ شمێرازی هاوڕێی دەگێڕێتەوە: "لەبەر چاوی ئێمە مێکاویان داهێنایەوە. قژیان بۆ دواوە راکێشا، یەک دو سێ سێ سواری دەبون... منیش شێت بوم، هار بوم، کەر بوم، دەمزەڕاند، شەموس بوم، لوشکەم دەهاویشت ... خۆم راپچرکاند و بە هەردو دەستم تفەنگی یەکێکی ترم گرت، یەکەم تەقە بەر شانی من کەوت، دووەم تەقە سەرۆکەکەیانم قەلەواژو کردەوە، سێیەم تەقە شوفێرەکەمان بە پشت کەوت" (بە رێگاوە: ١٣١). رۆماننوس لە ماوەیەکی کورتدا (میخۆ) لە کەسایەتییەکی پڕ هیوا و مرۆڤێکی ئاسایی دەکاتە کەسێکی رق ئەستوری دڕندە، کە ئەگەر بۆی بلوابا تەواوی چەتەکانی دەکوشتن. لە دیمەنێکی دیکەی هەڵبژاردنی مەرگ و ژیاندا، (ئۆدیب) ناچار دەکرێت، کە ملی کەسێک  بە چەقۆ ببڕێت، کە لەسەر کورسییەک بەستراوەتەوە و سەری بە گونیەیەک داپۆشراوە، هەرچەندە لە سەرەتا بەرهەڵستییەکی زۆر دەکات، بەڵام کە ئاگادار دەکرێتەوە، کە ئەگەر کارەکە ئەنجام نەدات، ئەو لە شوێنی کەسەکە سەردەبڕدرێت، بۆیە لە پێناو مانەوەی خۆیدا دەستی دەچێتە کوشتنی کەسەکە و دوای سەربڕینەکەش بە نۆرە خوێنەکەی لە دەفرێکدا دەخۆنەوە و ئۆدیبیش لە خوێنەکە دەخواتەوە، دواتر بۆی دەردەکەوێت، کە ئەوەی سەری بڕیوە (گەردەوان) هاوڕێی گیانی بە گیانیی خۆیەتی (بە رێگاوە: ٢٢٣- ٢٢٦). رۆماننوس دیستۆپیای کوشتنەکەی ئەوەندە نامرۆڤانە وێناکردووە، کە دوای رووداوەکەش کاریگەریی لەسەر رووداوەکانی دیکەی کوشتن دەربکەوێت و بەردەوامی بە دیستۆپیای کوشتن بدات لە ناو رۆمانەکەدا.

## ٢-٤ کوشتن وەک هۆکارێک بۆ تۆڵەکردنەوە

ویستی تۆڵەکردنەوە، یەکێکە لەو پاڵنەرە دیستۆپییانەی باڵ بەسەر بیرکردنەوەی کەسەکاندا دەکێشێت و مرۆڤ توشی دڵەڕاوکێ و ترس و نا ئارامییەکی بەردەوام دەکات و ژیانی لێ تاڵ دەکات، هەروەک پاڵنەرێکیشە بۆ هەڵڕشتنی رق و دەستبردن بۆ کوشتن و لەناوبردن. لە رۆمانی بە رێگاوە چەند دیمەنێکی تۆڵەکردنەوە وێناکراون، جگە لە ئەنجامدانی تاوانەکانی کوشتن، رۆماننوس هەوڵیداوە دیمەنەکان لەوپەڕی دڕندەیی و بێ بەزەیی مرۆڤ وێنابکات. بۆ نمونە لە تۆڵەی خنکانی کوڕێژگەی (بەرانان)دا، کەسوکاری قوربانییەکە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی جولەکەی گوندی(بەرازان) و دەیانەوێ وەک تۆڵە کوڕە جولەکەکە بکوژنەوە، بەڵام باوکەکە کوڕەکەیان رادەست ناکات و ئەوانیش بە تفەنگ باوکەکە دەکوژن و  دواتر دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەر ژنی جولەکەکە، واتا دایکی کورەکە، لەگەڵ ئەوەشدا رق ئەستوری بۆ تۆڵەکردنەوە هێشتا خاو نەبۆتەوە، ئەگەر لەبەر خەڵک نەبوایە کوڕەکەشیان دەکوشت (بە رێگاوە: ٧٧). هەر لە تۆڵەی خنکانی کورەکەی بەرانانددا، (قۆیتۆ)ی کوڕە فەلەش بە مەبەستی لەناوبردن دەخەنە ئاو "هەتیم بەچاوی خۆم بینیم کە قۆیتۆ لەناو گۆمچەکەدا بڵقەبڵقی دەکرد تا خنکا" (بە رێگاوە: ١٢٦)، لە دیمەنێکی دیکەدا خاوەکێش لە تۆڵەی هەوڵی ژەهرخوارکردنەکەیدا دو کەس لە زینداندا دەکوژێت "هەر لەوێ ئەسکوردی هەردووکیان دەشکێنێ و گیانیان لە لوتی دەردەکێشێ" (بە رێگاوە: ١٨٨). لە رۆمانەکەدا رق ئەستوریی تۆڵەکردنەوەکان پەیوەندییان بە رەهەندگەلی دیکەوە هەیە، کە پەیوەستن بە بێدەسەڵاتی و هەژاری و پێگەی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، کە ئەمەش پەیوەندیی بە ژینگەیەکی ناتەندروستی دیستۆپییەوە هەیە، بۆ نمونە لە رووداوی خنکانی کوڕێژگەی بەرانانددا، هەرسێ منداڵەکان (میخۆی کوڕە جولەکە و قۆیتاسی کوڕە فەلە و شێمزازی کوڕی مەلا خدری موسڵمان)بەیکەوە بون، بەڵام دواتر دەستی تۆڵەکردنەوە تەنیا بۆ ماڵە جولەکەکە و کوڕە فەلەکە درێژ دەکرێت و ناگاتە ماڵی مەلا.

## ٢- ٥ کوشتن بەهۆی رقی جیاوازیی باوەڕی ئایینی

لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی یەکێکە لەو پاڵنەرانەی دەبنە هۆکاری تێکدانی شیرازەی پەیوەندییەکان و رەخساندنی کەشێکی نائارام و کردنەوەی درز بۆ یەکتری قبوڵنەکردن و تەشەنەکردنی رق و گەڕان بەدوای بەهانە بۆ یەکتر سڕینەوە. رەهەندی ئایینی لە رۆمانی بە رێگاوە، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و کارەکتەرە سەرەکییەکان لە (موسڵمان و مەسیحی (فەلە) و جو) پێکهاتون. ئەو جیاوازییە ئایینییە لە زەمینەی رۆمانەکەدا، هۆکارێکی زەقی رەهەندە دیستۆپییەکەیە. رۆماننوس لە چەندین شوێندا بە رونی باس لەو جیاوازییانە دەکات "راستە ئێمەی ماڵە جو لەلای خەڵکی گوند خۆشەویست نەبوین، گڕوێ بوین، ئاوەگڵ بوین، تەتیلەی بەراز بوین، سوک و چروک و توتکە سەگ و گەماڵ بوین" (بە رێگاوە: ٦٥) لە رۆمانەکەدا جولەکەکانیش بەرامبەر بە موسڵمانەکان رق ئەستورن و خۆشیان ناوێن، بۆ نمونە: "دایکم جویەکی توندئاژۆ بو، رقی لەوان دەبۆوە" (بە رێگاوە: ٧٤). ئەو رقە پاڵنەرێکی خەفەکراوبووە بۆ ئەوەی بەهێز بەزەیی بە لاوازدا نەیێتەوە و لە بچوکترین بەهانە بگەڕێت بۆ هەڵڕشتنی رق و تۆڵەی ئەوجیاوازییە. بۆ نمونە: کوشتنی باوکی (زین)ی جولەکە، لەلایەن موسڵمانێک بۆ ئەوەی بارەدارەکەی ببات. روماننوس دیمەنێکی دیستۆپی بە کوشتنەکە دەدات: "بە تەپشولکەوە قەراشتم، لە تەوقی سەرمدا بە پشتدا کەوت، خستمە قووڵێکەوە، خۆڵم بەسەرداکرد و نەمامی گوێزێکیشم تێ چەقاند، با بۆ سەت پشتان بمێنێ" (بە رێگاوە: ٧٥). لێرەدا دیستۆپیای رقئەستوریی قبوڵنەکردنی بیروباوەڕی ئایینیی جیاواز، دور لە بەها مرۆییەکان کردەکە، نەک وەک تاوان پێویستیی بە شاردنەوە و سەرزەنشتکردن و تۆڵەکردنەوە نییە، بەڵکو وەک شانازی جاڕی بۆ دەدرێت و وەک وانەیەکی پڕ ترس و تۆقاندن بۆ سەت پشت دەگوترێتەوە. ئەو ترس و ژینگە دیستۆپییە، لە تەواوی رۆمانەکەدا وەک مۆتەکە ژیانی (زین) و (میخۆ)ی وەک دو کارەکتەری جولەکە داگیرکردووە، بە تایبەتی کە میخۆ وەک کارەکتەرێکی ناو رۆمانەکە بە چەندین ماسکی جیاواز دەردەکەوێت و لە هەموشیاندا کەسایەتییەکی سادیی هەیە.

## ٢-٦ مردن لە رووداوی نەخوازراودا

چەندین دیاردەی مردن هەن، کە لە ژیانی مرۆڤەکاندا پاساوی جۆراوجۆریان دەدرێتە پاڵ و بارێکی ئاسایی بە رووداوەکانی مردن دەدەن، بە تایبەتی (قەزا و قەدەر)، بەو واتایەی مردنەکان بە ئەنقەست و خوازراو نین و بەرئەنجامی هۆکاری دیکەن، کە دەشێ روبدەن. لە رۆمانی بە رێگاوە، رۆماننوس ئەو جۆرە مردنانەشی بە ئاسایی بەرجەستە نەکردون، بەڵکو بە هۆکاری دیستۆپیی بەستونەتەوە، کە بە ترسێکی گەورەوە تەنراون، بۆ نمونە:

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp106-113

خنکانی (جیقۆفشــە) لە ڕۆژێکی باراناویی توشــدا "لەکاتی ڕزگارکردنی پشــیلەیەک لەســەر دیواری پشــتەوەی ماڵەکەیان بە ئاودا چو، کەس نەیتوانی بیگرێتەوە" (بە ڕێگاوە: ٥٠). ڕۆمانوس بە ئاوداچونی جیقۆ بە ڕزگارکردنی پشیلەیەک دەبەستێتەوە، بەڵام دواتر فۆکس لەسەر پشیلەکە دەگوازێتەوە سەر دیمەنی بەئاوداچونی جیقۆ، کە دیمەنێکی تۆقێنەری ڕوداوەکە دەخاتەڕو " پیاوان بە پژدێن و ژنان چەفیەکانیان لەیەک دەئاڵاند هەمووان چاویان لە جیقۆفشە بو، کە خۆی لە لقی دارێکەوە گرتبو دەگریا و دەنوزایەوە و دەســتی لە گوزەرەکە بەرنەدەبو" (بە ڕێگاوە: ٥٠). دیمەنی دۆزینەوەی تەرمی جیقۆ بە سەرەونخون لەناو قوڕدا دیمەنێکی دیکەی دیستۆپییە "لینگی جیقۆیان گرت دەریان کێشـا، لموزێکی لە قوڕ چەقیو، هەردو چاو و گوێ، تفنک و دەمی پڕ لە قوڕ ببو، ملوانکەی (مێناز)یشمان هەر لەناو دەمی جیقۆی ڕەحمەتی دۆزییەوە" (بە ڕێگاوە: ٥٢).

خنکانی کوڕێژگەی بەرازان لە گۆماوەکەی ئاقاری گونددا، کە لەئەنجامی دەمەقاڵێ و شـەڕێکی منداڵانەدا بە شـاپلێدانێک دەکەوێتە گۆمەکە و دەخنکێ (بە ڕێگاوە: ٦٥). ئەو ڕوداوە بە مەبەســتی کوشــتن نەبووە، بەڵام دواتر دەبێتە ترســێکی تۆقێنەر و ڕۆمانوس دەیەوێ لەڕێی بکەرانی کارەکەوە ئەو ترسە وەک مۆتەکەیەک بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، کە ڕەچاوی بەدواداهاتنی کارەساتێکی گەورەتری لێببکرێت.

ڕۆمانوس بۆ ڕەخسـاندنی زەمینەی هەندێک لە مردنەکان شـوێن و کاتی دیسـتۆپیی ڕەخسـاندووە، کە شـیاوی مردن بێت، یان هیچ نەبێت لەوێدا ئەگەری مردن جێی ســەرســوڕمان نەبێت. بۆ نمونە مردنی دایکی ڕاســتەقینەی (نارســیس)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە. ئەو ژنە قەرەجەی لەســەر شــەقامەکان ســواڵ دەکات و پیاوان بە ناوی یارمەتی یان بەزۆرەملێ دەسـتدرێژیی دەکەنە سـەر و کەسـایەتیی تێکدەشـکێنن. بە برسـییەتی و لە ڕۆژێکی زسـتاندا، لەســەر شــەقام لەکاتی منداڵبوندا، لەژێر بەفردا دەمرێت (بە ڕێگاوە: ١٧٩). لێرەدا ژینگە دیســـتۆپییەکە بووەتە بکوژی ئافرەتێکی گەنجی سـکپڕ. ڕۆمانوس هەر بەوەندە نەوەسـتاوە، دەیەوێ بۆ مردنی کەسێکی پیر و کەنەفت، پاسـاوێکی دیسـتۆپییانە بهێنێتەوە. کە لە نامەیەکدا بۆ کوڕەکەی ئاماژەی پێداوە: "کوڕی شـــیرینم تابڵێی زینی جولەکەی نەفرەتی خوی جارانی گرتۆتەوە و هەڵگەڕاوەتەوە، کەڵکی بڕیوە ... بزانە من بە کەســـەری ئەو دەڕۆم" (بە ڕێگـاوە: ١٤٣). ئەو ژینگە نا ئـارامەی بە هۆی دڵڕەقی و بێ ویژدانیی (زین)ەوە خولقـاوە، بووەتە کەسەر و وەک چەکێک بۆ کوشتنی مەلاخدری بەخورتی کراوەتە پاساو.

## ٢-٧ کوشتن لە ڕوداوی نادیاردا

لە هەندێک ڕوداوی کوشتندا، بکوژەکان بە نادیاری دەمێننەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی دەرونییەوە پاڵەپەسـتۆیەکی زیاتر لەسـەر مرۆڤەکان دروسـت دەکات و وەک گرێیەکی دەرونی بە نەکراوەیی دەمێنێتەوە، مرۆڤ لە بارێکی نائـارامیی بەردەوامـدا دەهێڵێتەوە، کە دواتر ڕەنگدانەوەی نەرێنیی لەســـەر دونیابینی و مرۆڤدۆســـتی و ژینویســـتیی دەوروبەردا دەبێت. لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە، کوژرانی منداڵێکی دوو ســێ ســـاڵان (بەروانکە لەبەر) بە شێوازێکی دڕندانە و دور لە مرۆڤایەتی باس دەکات، کە بە پەت خنـکێنراوە و نامەیەک خـراوەتە باخەڵی بەروانـکەی نان خـواردنەکەی، ئەوەی ڕوداوەکەی بە دیسـتۆپیی هێشـتۆتەوە، ڕۆمانوس ناوەڕۆکی نامەکە ئاشـکرا ناکات " ئەم نامەیە هەرگیز من نەمبینی" (بە ڕێگـاوە: ٤٧) لەوەدا ئەگەری زۆر و تێڕوانینی جیاواز لەســەر هۆکاری کوشــتنەکە و کەسی بکوژدا ســەرهەڵدەدەن، لە ڕۆمانەکەدا یەکێک لە ئەگەرەکان (فامە شــێت)ی دراوســێیانە، لە وەســفێکی دیســتۆپییانەی فامەشـــێتدا هاتووە" فامە ئەو ژنە قژ ســـپییەیە کە قاپوتێکی درێژی لەبەر کردووە و مەمەیەکی منداڵانی لەمل ئاڵاندووە، لەگەڵ کەس تێکەڵ نابێ و هەرگیز ناخەوێ و بۆ ســـاتێکیش درێژ نابێ، هەردەم لەبەر ســـەکۆی ماڵەکەی دادەنیشـــێ، لە چاوەڕوانی کوڕەکەیدا بۆڵەبۆڵ دەکات" (بە ڕێگاوە: ٤٧). دیسـتۆپیای ڕۆمانەکە دیوێکی دیکەی کۆمەڵگایەکی نەخۆش پیشـاندەدات، کە کاریگەری و کاردانەوەیەکی دڕندانەی لەســەر خودی مرۆڤەکاندا دروسـتکردووە، چ ئەو کاریگەرییەی لە ئەنجامی بێ سـەروشـوێن بونی کوڕەکەیدا لە فامە شێتدا دەردەکەوێت و چ خوێندنەوەی دەوروبەر بۆ درێژکردنی پەنجەی تاوان بۆ فامەشێت بە تۆمەتی کاردانەوەی لەدەستدانی کوڕەکەی.

لە دیمەنێکی دیکەدا، ئاماژە بە ڕوداوی خنکانی (ڕەمۆی ڕوتەڵە و ژنەکەی) دەکات، کە "لە ڕوداوێکی نادیاردا ڕەمۆی ڕوتەڵە و ژنەکەی تەرمیـان بە خنکاوی لە نێو حەوزی حەمـامەکەوە دۆزراونەتەوە" (بە ڕێگـاوە: ٢٧٦) هەرچەنـدە ئەم ڕوداوە لە ڕۆمانەکەدا وەک نوسـینی سـەر کاغەزێکی پەڕزەرد ماوەتەوە و ڕۆمانوس بۆ ڕایەڵەی ڕوداوەکان باسی کردووە، بەڵام ئەو لابەلا باسکردنەش ڕەهەندێکی دیستۆپیی قێزەونی هەیە، کە جگە لە کوشـتنی مرۆڤەکان، ڕەنگدانەوەی لەســەر کوشـتنی هەسـت و سۆزی مرۆڤانەشدا دەرکەوتووە.

## ٢-٨ کوشتن بە هۆکاری نادیار

کوشـتن لە ڕۆمانی (بە ڕێگاوە) ئەوەندە بەربڵاوە، تەنانەت ڕوداوەکانی کوشـتن ڕۆڵ لە ناسـاندنی کەسـایەتییەکانیشـدا دەبینێت بۆ ئەوەی پێناسـەی ئاسـتی سـادیزمی و دڕندەییان بکات. کاتێک دەیەوێ کەسـایەتیی (خاوەکێش)مان پێ بناسـێنێ، کە ئەو لەو کاتەدا لە بەندیخانەدایە، لەسـەر زاری ئۆدیب پێمانڕادەگەیێنێ کە "ئەو پیاوە گرژ و مۆنە، کەس نادوێنێ و کەسـیش نایدوێنێ، دەڵێن ئەو خێزانێکی پێنج کەسی سـەر بڕیوە و دواتر بە مردویی هەمویان زۆرگێ و ئەتک دەکا، پارچەپارچەی کردون" (بە ڕێگاوە: ١٨٧). هەرچەندە لە دو نمونەکەی پێشـتردا، هۆکاری کوشـتنەکان دیارنین، ئەوان بکوژەکانیشیان دیارنین بۆیە بە نادیاری ماونەتەوە، بەڵام لە نمونەی خاوەکێشدا، بکوژ دیارە و لێپرسینەوەی لەگەڵداکراوە و سزای تاوانەکەشی بەسەردا سەپێنراوە، کە زیندانی کردنە. بەڵام ڕۆمانوس نەیویستووە هۆکارەکەی بە ئێمە بڵێ، نەک لەبەرئەوەی بیەوێ لێمان بشـاـرێتەوە، بەڵکو تاوانەکەی ئەوەنـدە قێزەون و نامرۆڤـانە بەرجەسـتەکردووە، کە خوێنەر پێویسـتی بە خسـتنەڕوی هیچ پاسـاوێک نەبێت، چونکە هیچ هۆکارێک نابێتە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی تاوانێک بەو دڕندەییە.

## ٢-٩ کوشتن وەک هۆکارێک بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان

ژینگەی دیستۆپی، پڕە لە ڕوداوی نهێنی و کەسێک یان دەستە و تاقمێک جڵەوی ڕوداوە نهێنییەکان بەدەسـتەوەدەگرن و هەرکاتێک مەترسی ئاشـکرابونی ڕاسـتییەکان تەنگی پێ هەڵچنین، پەنا بۆ هەمو ئەگەرێکی نەخوازراو دەبەن، یەکێـک لەو ئەگەرانە، پەنا بردنە بۆ کوشتن. نهێنی خۆ ناسینەوەی کەسایەتیی (نارسیس) لە ڕۆمانی بە ڕێگاوەدا، پانتاییەکی فراوانی گرتووە و زۆربەی ڕوداوە نەخوازراوەکان لەو گەڕانەدا خراونەتەڕو، بەڵام وەک دەردەکەوێ، نهێنییەکی گەورەی شـــاراوە هەیە و لە سـەروبەندی ئاشـکرابونی نهێنییەکەدا، کەسـێک دەبێتە قوربانی، کە (فامە شـێتە) "سـەر سـنگی فامە بە خوێن بو. جێگای چەقۆ لێدانی پێوەدیار بو" (بە ڕێگاوە: ٣٦٦) هۆکاری کوشـتنەکەش لەو نامەیەدا دەردەکەوێت، کە لە دەسـتی فامەدا

دەیدۆزنەوە و تیایدا هاتووە "ئازیزانم زۆر نهێنی گرنگ هەیە سەبارەت بە من و ژیانتان، لە كۆشكی كۆماری لە دۆسیەی نهێنییەكاندایە، لای ئانۆ بانینی یە، بەر لەوەی بفەوتێ پێویستە پێش ڕوخان و سوتانی كۆشكەكە ئێوە دەستان پێ بگات" (بە ڕێگاوە: ٣٦٧) ڕۆماننوس ڕاستەوخۆ هۆكاری كوشتنی فامەشێت دەداتە پاڵ شاردنەوەی نهێنییەكان "كوشتنی ئەلیكترا بێ هۆ نەبو، كەسێك هەیە دەیەوێ بە كوشتنی فامەی بەستەزمان ڕێگا لە ئاشكرابونی نهێنییەكان بگرێت" (بە ڕێگاوە: ٣٦٧) یەكێك لە نهێنییەكان ئەوەیە، كە فامەشێت خودی كەسایەتیی (ئەلیكترا)یە، كە كۆدی زۆربەی نهێنییەكانی لابووە "لەو نامەیەدا بۆمان دەركەوت فامە هەمان ئەو ئەلیكترایە بو كە زۆربەی نهێنییەكانی ژیانی ئێمەی لا بو" (بە ڕێگاوە: ٣٦٧). ئەگەر لە ڕوانگەی دیستۆپیاوە لە كوشتنی فامە بڕوانین، دەبینین كەسە سادییەكان، كە لە پێناو شاردنەوەی كارە قێزەونەكانیان، دەستیان دەچێتە كوشتن و كۆتایی هێنان بە هەر كەسێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن و باری دەرونی و پێگەی ئەو كەسەی دەیكەنە قوربانی. هەرچەندە لە واقیعدا و لەو كۆمەڵگایانەی لەسەر بنەمای كاری سیخوڕیدا بەڕێوەدەچن، كوشتن لە پێناوی شاردنەوەی نهێنیدا دیاردەیەكی پەیڕەوكراوە، بەڵام لە هەردو باردا دیاردەیەكی نامرۆڤانە و دیستۆپیانەیە.

### ٢-١٠ كوشتن لە پێناو سەركوتكردنی دەنگی هەق و ویستی ئازادیدا

لەو كۆمەڵگایانەی دەسەڵات دەیەوێ درێژە بە خۆسەپاندن بدات، بە بەردەوامی لە هەوڵی سەركوتكردنی دەنگی هەق و شاردنەوەی ناڕەزایەتییەكانی خەڵكدان، لەو پێناوەشدا پەنا بۆ ڕێككاری پڕ ترس و تۆقاندن و بێدەنگكردنی خەڵك دەبەن و سڵ لە هیچ ڕەفتار و تاوانێك ناكەنەوە. لە دیستۆپیای ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)دا پەتای بێدەنگی تەواوی شاری گرتۆتەوە "بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەچو قسەم نەكردبو، لەفزم لەدەم دەرنەچوبو، یەك وشە چییە، حەرفێك و ئاخێك، ئاهـ و ئۆفێك، نوزە و پستەیەكم نەكردبوو... هەر من نا، بەڵكو هەمو شار بەو بێدەنگییە ڕاهاتبون" (بە ڕێگاوە: ١١). سروشتی ژیان وایە، هیچ شتێك تا هەتایە بەردەوام نابێت، بۆیە لە بەرامبەر ئەو بێدەنگییەشدا، كەسانێك هەن هەوڵی شكاندنی ئەو دیاردە سەپاوە دەدەن و لە بەهانەیەك دەگەڕێن "مردن و ناشتنی فامە گیانمان كرد بە بەهانەیەك و دەرچەیەك بۆ شكاندنی بێدەنگی" (بە ڕێگاوە: ٣٦٨). زۆر جار ناخی پەنگخواردو و ڕقی كەڵەكەبوی چەند ساڵە، دەبنە پاڵنەرێكی بەهێز و لە نزیكترین دەرفەت و لە بچوكترین دەرچەدا دەردەكۆڵێن و دەوروبەر دەتەننەوە و دەبنە شۆڕش و ڕاپەڕین "لەگەڵ زۆربونی مقۆ مقۆ. هێز و سوپای گاردی كۆماری زیاتر دەڕژانە نێو شەقام و لێرە و لەوێ تەق و تۆق دەبیسترێ... ئیدی بووە هەڵلا و شەڕ و كوشتن، خوێن لە شەقامەكان دەڕۆیشت" (بە ڕێگاوە: ٣٦٩- ٣٧٠). لە ڕوبەڕوبونەوەی خۆپیشاندەرە خوێناوییەكاندا، كەسانێك بەرەوپیری مەرگ دەڕۆن و كەسانێك بە كوشتن ڕێ لە خۆپیشاندان دەگرن. نمونەی ئەو ڕوبەڕوبونەوانە لە زۆربەی كۆمەڵگا بەكۆیلەكراوەكاندا بەرچاو دەكەوێت و لە سایەی ڕژێمە خۆسەپێنەكاندا بە دەیان و سەدان كەسی شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیو دەبنە قوربانی، جا ترس ڕو لە هەر لایەك بكات، لایەكەی دیكە زاڵ دەبێت. لە ڕۆمانەكەدا شۆڕش و خەباتی قسەكردن سەرتاپای وڵات دەگرێتەوە و شكست بە سوپا دەهێنێ، بەڵام دەستە و گروپی چەتە و چەكدار دروست دەبن و ڕاست و چۆپ دەكەونە تۆڵەكردنەوە و كوشتن و بڵاوكردنەوەی ترس و تۆقاندن "كەس نەیدەزانی كێ دەكوژێ و بۆچی دەیكوژن" (بە ڕێگاوە: ٣٧٠) لێرەدا ڕۆماننوس نایەوێ سێبەری دیستۆپیا لەسەر ڕوداوەكاندا لاببات و كۆمەڵگا بەرەو لێواری ئارامی و سانەوە ببات.

### ٢-١١ كوشتن لە دیستۆپیای خێزانیدا

بونی كێشە و گرفت لە ناو خێزانەكاندا و دەستبردن بۆ كوشتنی ئەندامانی خێزان نەك هەر لە ڕۆمانەكاندا، بەڵكو لە واقیعیشدا مێژویەكی دور و درێژی هەیە، كە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كاتەی قابیل دەستی دەچێتە كوشتنی هابیلی برای و كۆتایی بە ژیانی دەهێنێت. ڕۆمانی (بە ڕێگاوە) ئەم لایەنەشی فەرامۆش نەكردووە و زەمینەیەكی دیستۆپیی لە ناو خێزانەكاندا فەراهەم كردووە، كە تیایدا جێی كوشتنی تێدا بكرێتەوە. كوشتنی (زین) لەلایەن كوڕەكەیەوە، پەیوەندیی بەو دۆخەوە هەیە، كە لە ئەنجامی كلۆڵیی زینەوە بەسەر خێزانەكەدا هاتووە و شێرازەی ژیانی هەمووانی تێكداوە "ئای چەند كارەساتێكی مەزنە چ بە ئازار و سۆیە، كاتێ چەقۆیەك دەچێتە نێو هەناوی دایكێكی كلۆڵ و جولەكەیەكی غەریبەم، تەنیا بێ مەفەر، جەرگ سوتاوی، مێرد كوژراو، لانە ڕوخاو، تیرە دۆڕاو، دایكێك ئاینی خۆی لە بێچارەیی گۆڕی" (بە ڕێگاوە: ١٤٨). هەروەك پێشتر باسمان كرد، زین جولەكەیەكی سەرسەخت و ڕق ئەستوور بووە بەرامبەر بە موسڵمانەكان، كەچی دواتر بە ناچاری لەئاینەكەی وەری دەگێڕن و لە ماڵا خدری بە خورتی مارەی دەكەن. بەشداریی زین لە پێكهێنانی ئەو خێزانەدا، بۆخۆی حاڵەتێكی دیستۆپیی دژوارە، كە دواتر ئەو ژینگە دیستۆپییە كوڕێكی وێڵ و سەرخۆشی لێ بەرهەم هاتووە، كە دەستی دەچێتە كوشتنی دایكی.

### ٢- ١٢خۆكوشتن

خۆكوشتن دیاردەیەكی لەمێژینەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و هەر كاتێك مرۆڤەكان دەگەنە خاڵی كۆتایی بێهیوایی و پێیانوایە ئیدی ژیان لە مردن دژوارترە، دەستیان دەچێتە خۆكوشتن و كۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن. هەرچەندە لە دەستپێكی ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)دا پرسی خۆكوشتن وەك ئەگەرێكی حەتمی خراوەتەڕو "من دوای تەواوكردنی ئەم ڕۆمانە دەستبەجێ، بێ گرخاندن خۆم دەكوژم، هەرچەندە تا ئێستا ڕون نییە ئەو كەسانەی لە جوغزی نوسینەوەی ڕۆمانی بە ڕێگاوە خۆكوژییان كردووە، ژمارەیان گەیشتۆتە چەند" (بە ڕێگاوە: ٦) لە گەڵ ئەوەشدا لە تەواوی ڕۆمانەكەدا شەڕی مانەوە زۆر بەهێزە، تەنانەت ترسناكترین كەسەكانی ناو ڕۆمانەكە تا دوا سات بەرگری لەمانەوەی خۆیان دەكەن و دەستیان ناچێتە خۆكوشتن. لە هێرشی سەر كۆشكی كۆماریدا دوای كوشتارێكی چڕ و ڕژانی خوێنێكی زۆر، هێرشبەرەكان لە هەمولایەكەوە دەگەنە ناو كۆشك. تۆماسی عەفلەق و سیخوڕی باڵا و ئانۆبانینی لە ناو كۆشكەكەدا گیریان خواردووە و لە بەرگرییەكی دژواردان. نارسیس پێش هێرشبەرەكانی دیكە دەگاتە ناو كۆشك دوای ئەوەی ئانۆبانینی لە پەنجەرە شكاوەكە خۆی فڕێ دەداتە ناو چۆماو و چاڵاوەكەی خوار كۆشك و بە لێرەواری خوار جەنگەڵەكە ڕادەكات و لە چاوان ون دەبێ، لە ژوری بەرامبەردا دەنگی تەقەیەك دێت، كە نارسیس بەدوای دەنگەكەدا دەچێت، تەرمی سیخوڕی گەورە بە دەمامك و جلی ڕەشەوە لە ژورەكە كەوتووە، كە دەچێتە سەری دەبینێ بە دەمانچەكەی گولـلەیەكی لەسەری خۆی داوە و كۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ئەوە وەك یەكەم ڕوداوی خۆكوژی لە ڕۆمانەكەدا بەرجەستە دەبێت. ڕۆماننوس دەیەوێ هەمان چارەنوسی خۆكوژیی سەركردە مێژووییەكان بداتە پاڵ سیخوڕی گەورە، ئەم ڕەوایەتییەش دوای لادانی ماسك و كردنەوەی كۆدە نهێنییەكانی كتێبی ڕەش بە ڕوداوەكە دەدات، چونكە سیخوڕی گەورە هەمان میخۆی جولەكە و خاوەكێشی ئاڵتەیی و گەورە مافیای بەندیخانە و ناوچەی سوڕەش بو، ئەو لەپشت شەڕی نێوان ئامۆزاكان و شەڕی چوار ئاینەكە و شەڕی شارستانییەتی هەرێمایەتی، پاشاوەی میرایەتی و شەڕی گرتنەدەستی دەسەڵات بووە (بە ڕێگاوە: ٢٧٤- ٣٨٠). دوای

ئەوەی دەرفەتی هەڵاتن و توانای بەرگری لەخۆکردنی نامێنێ، لە ترسی ئاشـــکرابون جورئەتی خۆ بەدەســـتەوەدانی نامێنێ، بۆیە پێیوایە فیشـــەکێک لە ڕق و تۆڵەی هێزشبەرەکان دەربازی دەکات.

## ئەنجام

١. ڕۆماننوس ژینگە دیســـتۆپییەکەی لەســـەر بنەمای جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی و ســـیاسی و چینایەتی بونیادناوە، کە ئەو جیاوازییانەش پانتاییەکی گونجاون بۆ شـــەڕو ناکۆکی و ئەنجامدانی تاوانی کوشتن و هەڵڕشتنی ڕق و کینەی دوبەرەکی.

٢. ژمارەی کوشـتنەکان لە ڕۆمانی (بە ڕێگاوە)دا، بێ شـومارن، پانتاییەکی فراوانیان لە ڕۆمـانەکەدا گرتووە، زۆربەی حاڵەتی کوشـــتنەکانیش پەیوەســـتکراون بە کردەوەی دڕندانەی وەک زۆرگێکردن و پارچەپارچەکردن و خوێنخواردنەوە و گۆشـــتخواردنی کوژراوەکان.

٣. بکوژەکان کەسـانی سـادیزمی سـتەمکارن، لە ژینگەیەکی دیسـتۆپیی ناتەندروسـتدا پەروەردەکراون، سڵ لە کوشتن ناکەنەوە و چێژ لە دەسـتدرێژیی سـێکسی- و کوشتنی قوربانییەکانیان وەردەگرن.

٤. هۆکارەکانی کوشـــتن لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە هەمەجۆرن، هەمویان پەیوەندییان بە تاوانکارییەوە هەیە و بەو پەڕی ڕق ئەستوری و دڕندەییەوە ئەنجامدەدرێن.

٥. ڕۆماننوس دو حاڵەتی مردن باس دەکات، بەڵام لە حاڵەتی ئاســایی دەریان دەهێنێ و دەیانداتە پاڵ ئەو ژینگە دیستۆپییەی کە بونەتە هۆکاری مردنەکان.

## سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

دلشاد کاوانی (٢٠٢) بە ڕێگاوە، ڕۆمان، چاپخانەی جەنگڵ، چاپی یەکەم، تاران.

صـاعدی. أحمد رضـا و موسـوی، هدی (٢٠٢٢) دراسـة مقارنة للديسـتوبيا في الأدب العربي والفرنسي— (رواية الأزمان المظلمة وقلوباليا أنموذجا)، مجلة اللغة العربية وآدابها، المجلد ١٠، العدد ٢، ص ٧٣- ٩٢.

جادالحق، أحمد محمد و ســالم، عبدالحليم (٢٠٢٢) ديســتوبيا الوطن في شــعر المهجر الأيراني، فيلولوجي، سلسلة في الدراسات الأدبية واللغوية دورية علمية محكمة، العدد ٧٧، ص ٧٩- ٩٧.

شـنقار، أسماء ابراهيم حسـين (٢٠٢٠) الرواية الديسـتوبية المصرية (مظاهرها و لغتها)، مجلة كلية الدراســات الاســلامية والعربية للبنات، مندهور، العدد الخامس، الجزء الثالث، ص ٧٥٦- ٩٠٠.

نگارش، جاسم و كاوری، صــادق ابراهيمی و جادری، ســهاد (٢٠٢٢) تمظهرات الديســتوبيا فی الرواية العراقية الحديثة، مجلة الجمعية الايرانية للغة العربية وآدابها، العدد ٦١، ص٢٣- ٤٦.

نگارش، جاسم و کاوری، صادق ابراهيمی و جادری، سـهاد (٢٠٢٣) ديسـتوبيا الموت فی الرواية العراقية الحديثة (رواية وحدها شجرة الرمان) ل سنان أنطوان أنموذجا)، مجلة اللغة العربية وآدابها، السنة ١٨، العدد٤، ص٥٣٦- ٥٥٥.

پرچگانی، فاطمة (٢٠١٨) الديستوبيا (المدينة الفاسدة) فی الرواية العربية المعاصرة؛ قراءة فی رواية "أورويل فی الضـاحية الجنوبية" لفوزی ذبيان، فصـلية اضـاءات نقدية، العدد ٢٩، ص ١٣١- ١٤٩.

خيرة، فتحی و مصــطفی، مســيردی (٢٠٢٣) العجائبية والبعد الديســتوبی فی الرواية الجزائرية المعاصرة، مجلة النص، المجلد ١٠، العدد١، ص ٣٣٩- ٣٥٥.

النعيمی، فيصــل غازی محمد (٢٠١٠) شــعرية الخطاب الايروسی فی المتخيل السرــدی قراءة فی المجموعة القصـصـية (حياة سـابقة) ل علی القاسمی، مجلة ديالی، العدد السـابع والاربعون، ص ٤٨٣- ٥٠٣.

حسنی، محمد بخيت (١٩٧٨) شرح قانون العقوبات، القاهرة، دار النهضة العربية.

معتز عرفان (٢٠٢٠) الجنس والموت، دار عرفان للنشر.

نجدی، نجدی عبدالستار محمد (٢٠٢٠) تشكل الشخصية فی الرواية الديستوبية، المجلــة العربية مداد، المجلد الرابع، العدد ٩، ص٤١- ٨٨.

أحمد، نورالدين زين العابدين متولی (٢٠٢٣) ثنائيات الديستوبيا ومظاهرها فی شعر فاروق شوشة، مجلة كلية الدراسات الاسلامية بالاسكندرية، العدد التاسع والثلاثين، جزء الرابع، ص ٢٧٩٤– ٢٨٨٥.

de Souza, J. (2012.). *Violence and society in dystopian fiction* (BA thesis). Universiteit Utrecht, Utrecht, Netherlands.

Gregory Claey (2010), *The Cambridge companion to utopian literature* (Cambridge: Cambridge University Press,, 16.

Lyman Tower Sargent, "*In defense of utopia*," Diogenes 53 no. 1 (2006): 15, doi: 10.1177/0392192106062432. P.N.Madhusudana (2018) *Dystopian Literature: a comparative study*, International Journal of Creative Research Thoughts (IJCRT), Volume 6, Issue 4,P 88- 95.

## پەراوێزەکان

١- يوتۆپيا (Utopia) (المدينة الفاضــلة) (شــاری نمونەیی) ڕیشــەکەی بۆ کۆماری ئەفلاتون دەگەڕێتەوە. ئەدەبی یوتۆپیا خەیاڵ بە جیهانێکەوە دەبینێ، کە لە واقیعدا بونی نییە، شــوێنێک پڕ لە خۆشی و خۆشگوزەرانی و شادومانی. لەڕوی زاراوەوە وشـەی (یۆتۆپیا) وشـەیەکی داڕێژراوە و لە یۆنانیدا لە (ou) بە واتای (نەبو) و لە (topos) بەواتای (شـوێن) داڕێژراوە و بەیەکەوە چەمکی نەبونی ئەو شـوێنە دەگەیێنێت. لە ئەدەبیشــدا وێنەی نمونەیی باڵای ئەوتۆ دەخوڵقێنێ، کە لە واقیعدا بونی نییە (أسماء ابراهيم حسين شـنقار، ٢٠٢٠، ٧٦٩). (تۆماس مۆر) یەکەم کەس بو لە ساڵی (١٥١٦) زاراوەی یوتۆپیـای وەک دەلالەتەکانی نمونەیی بەکارهێنـابێ ( P.N.Madhusudana, 2018, 89).

٢- ناوی (دلشــاد ڕەزاق ڕەســول)ە و لە ســاڵی ١٩٧٨ لەدایکبووە، نازناوی (کاوانی) بۆ گوندی (کاوانیان)ی ســەربە قەزای شــەقڵاوە دەگەڕێتەوە، کە زێدی خۆیەتی و ئێســتاش هەر لەوێ نیشــتەجێیە. ڕۆمانی (بە ڕێگاوە) یەکەم ئەزمونی ڕۆمانوسـینیەتی، بەڵام پێشــتر ئەزمونی لەگەڵ چیرۆکنوسیدا هەبووە.